# مانگرتنەکەی یەکێتی مامۆستایان لەو پەڕی لاوازیەوە هات!



حسن عبدالخالق
hassan_rojgar@yahoo.com

یەکێتی مامۆستایانی کوردستان یەکێکە لەو ڕێکخراوانەی هەرێمی کوردستان دوای جێهێشتنی زانکۆ وپەیمانگاکان،هەرکە ناوت وەکو مامۆستا هاتەوە ،بێ ویست و،ئارەزووی خۆت بە ئەندامت دەزانێ وکورد دەڵێ خۆشت بێ و ترشت بێ ،ئابوونەوەی مانگانەی خۆیت لێ وەردەگری بەرلەوەی مووچەکەت نەك بگاتە دەست بەڵکو بەر لەوەی بگاتە بانگیش،ڕەنگە لێرەدا قسەم لەسەر ئەم مەسەلەیە نەبێ..پارساڵ لەمانگی نەورۆزدا بوو دوای خۆپیشاندانێکی هێمانەی کۆمەڵێك مامۆستا لە شاری کفری ومامۆستایانی دێکانی دەورووپشتی و بەرزکردنەوەی یاداشتێك لە لایەن کۆمەلێك لە مامۆستایانی کەلار-رزگاری گەیاندیانە بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان هاوکات لەو هەردوو یاداشتی مامۆستایانی(کفری -کەلار -رزگاری)کۆمەلێك داوا ومافی هەنووکەی مامۆستایان خرابووە روو کە یەکێتی مامۆستایان هەمیشە چاوی نوقاندووە لەبەرامبەریدا وبێ هەڵوێست بووە لەو رووەوە لەپێشدا گفتوکۆ لەگەڵ بەرێز بەێوەبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان کرا ودواتر کاتێك دانرا بۆ  سەردانی لای وەزیری پەروەردە لەگەڵ هەر یەك لە ئیدارەی گەرمیان و قائیمقامی کفری سەردانی وەزیرمان کرد زیاتر لەکاتژمێرێك گفتوکۆ لەگەڵ وەزیری پەروەردە و تاوتوێ کردنی ئەو خاڵی یاداشتەکان ،بۆ خۆم هەر لە سەرتاوە هیچ بڕوایەکەم بەو قسە و گفتوکۆیانە نەبوو چونکە هەر وەکو هەمیشە بەرپرس و کاربەدەستەکانی ئێمە لە سەری راهاتوون بەلێن و بەڵێن کاریە لەبەر ئەوەی هیچی تێ ناچێ و کەس یەقەت پێ ناکرێ بڵێ بۆ چی وات کرد! ئەویش ئەو بەلێنانە بوو لە لایەن

وەزیری پەروەردەوە درا و تا ئێستا بچوکترین خاڵی ئەو خاڵانەی کە باس کران لەلایەن وەزیری پەروەردەی ئەوکات و ئێستاش قسەی لەسەر نەکراوە و ناشکرێت کە بەڵێنی جێبەجێ کردنی درا بەڵکو هەر ئەوەندەی پێ کرا دڵی ئێمەی رازی کرد و دڵی حکومەتیش هێنایە جێ!کە چی حکومەتیش لەو بەڵێنانە بەئاگابوو و هیچ گرنگییەکی پێ نەدراو سرپۆکرایەوە،دواتر سەردانی مەکتەبی سکرتارێتی یەکێتی مامۆستایانمان کرد کە سکرتێریش لەوێ بوو کۆمەڵێك لەو مامۆستایانەی کەلار رزگاری درێژەی ئەو مناقشەو گفتوگۆیەمانە بردە ئەوێ لەوپەڕی(اظعف الایمان)ەوە قسەیان دەکرد وهیچیان پێ نەبوو بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەکە لە بەر ئەوەی یەکێتی مامۆستایان نوێنەری حزبی دەسەڵاتە و ئەمەش وا دەکات ناتوانێ لە جۆرە کارێکی وادا پشت و پشتیوانی مامۆستایان بێت بێ دوو دڵی ودڵی حزب بشکێنێ و شوێن پێی خۆیانیشی لەق بکەن گەر ئەمەش پیشەی یەکێتی مامۆستایان بێت ئیتر چۆن دەتوانێ کارێکی وا بکات و بێتە نوێنەر وخەم خۆری تەواوی مامۆستایان بێ جیاوازی و مانگرتنێکی سەرتاسەری رابگەێنێت کە ئەوەتا دوای دوو رۆژی شکاندی مانگرتن لە لایەن یەکێتی مامۆستایانەوە هێشتا زۆرێك لە مامۆستایان و بەتایبەت مامۆستایانی پشدەر و بتوێن ئەو مانگرتنەیان نەشکاندوە تا دڵنیا دەبن لە قسەکانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمەش وادەردەخات ئەو مانگرتنە هیچ پەیوەندی بە یەکێتی مامۆستایانەوە نییە وزیادەی پیشەی(مهنە)یش بەهەمان شێوە پەیوەندی بەیەکێتی مامۆستایانەوە نییە،ئیتر بۆچی بیکەن بەخەبات وتێکۆشان و مەنەت بەسەر مامۆستایانەوە بڵێن لەسەر رێنوێنی ئێمە ئەو مانگرتنە کرا و زیاد کردنەکەش لەناوچاوانی ئێمەی بزانن،بە بۆ چوونم گەر سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت لای حزبەکەی یەکێتی مامۆستایان بووایە بە هیچ شێوەیەك باسی لە مانگرتن و داخوازی مامۆستایان نەدەکرد گەر بەگێرە شێوێن نەبوونایە و نەدەبوو نیوێنەری مامۆستایان ومانگرتنی رانەدەگەیاند...بێگومان لەو یاداشتەی یەکێتی مامۆستایان کە مانگرتنی لەسەر راگەیاند و هەندێ خاڵی لەخۆ گرتووە،دوای یەکەم زەنگی چوونە ژوورەوە لە لایەن سەرۆکی حکومەتەوە بەڵێنی(125)هەزاری ئیتر ئەویش بزان کەی سەرف دەکرێت،سەکرتێری یەکێتی مامۆستایان(3)رۆژی مانگرتنەکەی کە یەك تاقی بەسەر نەچوو و تەنها خاڵێکی بۆ جێبەجێ نەکردن و ئەوانی تریش هەر وەکو خۆی مایەوە کەداوای سەرەتا ترین مافەکانی مامۆستایان بوو مانگرتنەکەی شکاند،لە کۆتایدا دەڵێم بڕیاری مانگرتنەکە حزبی بوو و

**شكاندنی هەر حزبی بوو واتا مانگرتنەکەتان لەو پەڕی لاوازیـەوە هـات ...بۆپێـشەوە داوای ڕەوای سەرجەم مامۆستایان..**

2006/9/17